ئاسایشی نیشتیمانی دەستگیرکردنی 83 ساختەکاری ئەلکترۆنی ڕاگەیاند

دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عێراقی ئەمڕۆ دووشەممە ،دەستگیرکردنی 83 ساختەکاری ئەلکترۆنی ڕاگەیاند. دەزگاکە لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:"پاش بەدەستهێنانی زانیاری ورد و ڕێزامەندی دادوەری تیمەکانمان لەپارێزگای بەسرە توانیان دووکەس دەستگیربکەن کە بازرگانیان بەمەبایلی تەمارنەکراوەو کردووە ولەکاتی دەستگیرکردنیان 50 سیمکارتی تەمارنەکراویان پێبووە کە بەهەڵەشکردن و ناوزڕاندن بەکاریان هێناوە". ئاماژەی بەوەکرد" دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی سکاڵای زۆری پێگەیشتووە دەربارەی ئەم جۆرە تاوانانە کە هەڕەشە لەخەڵک دەکەن بە وەرگرتنی پارە". وتیشی"پەسەکانی دەستگیرکردن بەپێی فەرمانی دادوەری ئینجامدرا لە پارێزگای نەینەوا 25 تەمەتبار ، کەربەلای پیرۆز 10 تاوانبار لەهەریەکەکیاندا، لە سەلاحەدین 8 تاوانبار، لە بابل و واست 3 تاوانبار لەهەر یەکەکیاندا، لە بەسەش دوو تاوانبار و لە میسانیش یەک تاوانبار، سەرجەم تەمەتبارەکان ڕەوانەی لایەنی دادوەری کران".